# بەرلەوەی ئەو خەونە تەفسیر بکرێت..
# ئەو دیاریە ناو دەنێم دوا دیاری
# ئەو دانیشتنە ناو دەنێم دوا دانیشتن..

**رەگەز رەشید**

من هەمیشە گەورە بوونی خۆم بە هێشتنەوەی قژێکی درێژ و تاشینی سمێڵەکانم ئەشارمەوە..لە دڵما هەست ئەکەم گەورە بووم و ڕۆژ بە ڕۆژ پیرتر ئەبم..کەچی دڵێ گەنجیەتیم بە کردنەوەی قۆپچەکانی سینگم و لە پێکردنی کابۆیەکی تەسك و هێشتنەوەی زولفێکی باریك ئەدەمەوە..هەروەك چۆن زۆر جار شکستەکانی خۆم بە نوسینی قەسیدەیەك ئەشارمەوە..

من دەزانم دەبێت هەموومان قەسیدەیەك لەبارەی شکستە گەورەکانمانەوە بنوسین:

منداڵەکان دەربارەی وون کردنی بووکە شووشەکانیان ..

مەلەوانێك لە غەمی هاتنی زستان و,

ڕاوچیەك لە تاو ئەو ئێوارانەی کە بەبێ نێچیر دەگەڕێتەوە ماڵێ..

منیش دەربارەی دوڕاندنی (تۆ)و بەجێ نەهێشتنی (وڵات)..

- برادەر گیان, من دەزانم چەند غەمی دۆڕاندنی (تۆ)کوشندەیە,هێندەش غەمی (مانەوە لە وڵات)دەمکوژێ..

بۆیەش دڵنیام (مانەوەم لە وڵات)و(شکست)هەمیشە یەك هاوکێشەن..

هەروەك و چۆن دڵنیام کە(شکست)و(شیعر) هەمیشە لە یەك بنەماڵەن..

-1-

تا هەڵمژینی دوا هەناسەی پایپێك

ڕوو بە ڕوو لەگەڵ وێنەکەتدا,

دەکەومە قسە..

تا خواردنەوەی دوا قومی پێکێك

دوو بە دوو,

من و سەرخۆشیم

بەرامبەر نامەکانتدا تەئەممول ئەکەین..

من بەو هەموو برینەوە,

بەو هەموو خوێنەوە,

بیرت ئەکەم..

کەچی لەگەڵ ئەو هەموو دەمامکانەشمەوە,

دەم و چاوم پڕ بووە لە درزی گەورەو

سیمام لە سیمای ئەو گوڵفرۆشە ئەچێت,

کە سێبەری ڕوخساری خستۆتە سەر گوڵەکان و

تنۆک تنۆکیش لەبەر هەتاودا مەحف دەبێتەوە..

من دەزانم دەم و چاوم پڕ بووە لە درزی گەورەو,

هەرگیز کەڵکی سەیر کردنی نەماوە..

ئەزانم ئتۆاش

وەک عادەتی ڕۆژانی بێزاریت

بە دیار تەنهایتەوە دادەنیشیت و,

بیرم ئەکەیت..

یان لایەنی کەم لە دەفتەری بیرەوەریەکانتدا,

نامەم بۆ دەنوسی..

بیرمە ئەو  شەوەی

تەحەممولی دڕندەیی وڵاتت نەکردو

لە خەونێکا پێت ووتم:

هەرگیز لێرە عەشق دڕندەیی نەخستۆتە مەترسیەوە..

بیرمە پێت ووتم:

مەحاڵە شەڕ کردن لەگەڵ ئەو ئاسنە ژەهراویانە..

هەرگیز شنەبا نەیتوانیوە

پڵینگێک  بخاتە  قەفەسەوە..

هەرگیز نەورەسێک نەیتوانیوە

شەڕ لەگەڵ ڕەشەباکاندا بباتەوە..

بیرمە ئەی ڕۆشنتر لە ڕوناهی,

بیرمە ئەو شەوە حیکمەتی جانتات چۆن بۆ دەگێڕامەوەو,

چۆن دەتگووت:

من تەحەمولی ئەو هەموو نزیکیەی ئولاتئاناکەم..

من هێندە تەحەمولی نزیکی ئتۆئاناکەم..

بەڵامئتۆا زوو بیرت چوو

کە لەخەونێک ئەچیت,

هێشتا بۆنی حەقیقەتی نەکردبێت..

لەو ئاوازە شین و سورانە ئەچیت,

کە پیاوێکی سەرخۆش بە فیکەوە

بەرو قافیەکانی بخوێنێتەوە..

(تۆ)بیرت چوو ئەی ڕەنگاڵەتر لە باران،

(تۆ) زوو بیرت چوو

کە سپیت و،

هێشتا غەمی ئەو چۆلەکە بێ شوێنانە

بە (تۆ) هەڵناگیرێ کە شوێنیان،

لە تورەبوونی سەرکردەو حزبەکاندا سوتاو،

لێگەڕێ با بەر لەمردنی (تۆ)،بمرن..

(تۆ)زوو بیرت چوو

کە گێڕانەوەی حیکایەتی سەما، بێهودەیە..

تەماشا کردنی فڕینی ئەو چۆلەکەیەی

کە یەکەم جاریەتی دەفڕێ، بێفایدەیەو

مانەوە لە نیشتیمان، بێمانایەکی گەورەیە..

-2-

قەدەر بوو برادەر گیان

قەدەر بوو، وابێت..

(تۆ)دەبوایە بەو هەموو ناسکیەتەوە

ببیتە گوناهبارترین ڕاوچی و،

منیش بەو هەموو ڕەقیەمەوە

ببمە گوناهترین نێچیر..

قەدەر بوو ئەی یار

(تۆ)دەبوایە بۆ دواجار

سەر بخەیتە نێو مەجلیسی

ماسیگرە گومڕاکان و،

زوو باوەڕ بە سەر بڕینی ئەو خەونانە بهێنیت،

کە ترسی گەورە بوونیان نیە..

قەدەر بوو ئەی ڕۆشنتر لە ڕوناهی

ئەی ڕەنگاڵەتر لە باران..

قەدەر بوو (من)و(تۆ) دەست لە یەکتر بەردەین و

لە نیشتیمانـدا بمرین..

ئای کە ڕقم لێیە لە نیشتیماندا،بمرم..

ئای کە ڕقم لێیە لێرە،بمرم..

- بمبورە برادەر گیان

بمبورە من بەو خەونانە

حەقیقەتم بۆ هەلناگیرێو

زۆر ئەترسم,

لەنیوەڕۆیەکی سیاسیەکاندا,

هەموو ئەو خەوناتە

لەسەر مێزێکدا ئیغتیصاب بکرێن..

بمبورە وڵات وێران,

بمبورە کە سەوزی گەڵاکان لە شوێنی

خۆیان جێدەهێڵم و,

هیچ شتێک شک نابەم ئاشتمکاتەوە..

هیچ شتێک شک لەگەڵ (وڵات) ئاشتم ناکاتەوە..

بۆیەش بەر لەوەی خەونەکان تەفسیر بکرێن,

ئەو (دیاری) یە ناو دەنێم, دوا دیاری

ئەو دانیشتنە ناو دەنێم دوا دانیشتن و,

ئەو شەوەش ناو دەنێم, دوا شەو..

**ئابی 2003**